# ئەدەب
# وەك دۆكۆمێنتی مێژوویی

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین/ زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان

**پێشەکی:**

کۆنترین دەقە تۆمارکراوەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی، بەرهەمە ئەدەبییەکانن، لەناو هەموو ئەدەبەکانیشدا شیعر وەك ڕەنگ و تەرزی سەرەکیی دەردەکەوێت، دواجار فەیلەسوف و بیرمەندو ڕەخنەگرو مێژوونووس و زاناو لێکۆڵەرەوەکانیش بە هەردوو بەرەی ماتریالیی و ئایدیالیشەوە دەچنەوە سەر ئەم بەرهەمانەو تێڕوانینەکانی خۆیانی پێزاخاودەدەنەوە، یان دەیانکەنە کەرەستەی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکانیان و کرۆکی بنەما تیۆرییەکانیان.

ئەگەر ئەمانە بۆ کۆی مرۆڤایەتیی کەرەستەی بنەڕەتیی توێژینەوەکان بن، ئەوا بۆ ئەو نەتەوەو میللەتانەی کە هۆکارە خودیی و بابەتییەکان دەرفەتی ئەوەیان نەداونەتێ تۆمارو دامەزراوەی تۆمارکردن و نووسین و نووسینەوەو ڕۆژنامەگەریی و چاپ و بڵاوکردنەوەو ...تادییان هەبێت و بوون بەبەشێك لەو کۆمەڵگایانەی بەکۆمەڵگای زارەکیی ناسراون، ئەوا بەرهەمە ئەدەبییەکان جگە لەوەی وەك بەرهەمی تاکەکەسیی و داهێنانی هونەریی و ئەدەبیی دەرکەوتوون، لە هەمانکاتیشدا بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی تۆمارکردنی بابەت و ڕووداوە جیاجیاکانی سەردەمەکانی خۆیان.

کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بەردەوام نیشتمانەکەی مەیدانی شەڕی لایەنە بێگانە شەڕکەرەکان بووە، خەڵکەکەیشی یان قوربانیی یەکەمی ئەو شەڕانەبوون، یان بەزۆرەملێیی جەنگاوەری شەڕگەکان بوون، یاخود ماڵوێران و ئاوارەی ناو نیشتمانی خۆیان بوون، خوێندن و نووسین و تۆمارکردن و بڵاوکردنەوە بەمیتۆدی کۆنی، فەوتێنراون و، بە میتۆدی نوێیش کە زاڵبوون و کارایی زمانی نەتەوەییە، درەنگ لە ناوچەکەدا بڵاوبۆتەوە.

بۆیە بەبڕوای ئێمە بەشێکی زۆری ڕووداوو بەسەرهات و دۆسیەو بابەت و دنیابینییەکانی کورد وەك نەتەوە، لەناو تێکستە شیعرییەکانی ئەدەبی میللەتەکەماندا تۆمارکراون. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە بەدوای دۆزینەوەی ئەو ڕووداوانەدا دەگەڕێت کە تەنها لەناو تێکستە ئەدەبییەکاندا هەن و تاکە بەڵگەی سەلماندنی ڕووداوو سەردەمەکانیانن، بەمەش بەهای ئەدەب وەك تێکستێکی دۆکۆمێنتاریی بۆ خوێندنەوەو دۆزینەوەی ڕابردوو، پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی ئێستاو، دیاریکردنی بنەماکانی گەشەکردن بۆ ئاییندە دەردەکەوێت. بۆ ئەم مەبەستەیش بە میتۆدێکی

(پەسنشیکاریی) لە بابەتەکە دەکۆڵینەوەو چەند بەرهەمێکی بەزاری کرمانجی ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی) نووسراوی هەندێك لە شاعیرانی کورد دەکەینە نمونەی پراکتیکیی توێژینەوەکەمان، تابتوانین ئەو گریمانەیە یەکلاییبکەینەوە کە ئایا دەشێت بەرهەمی شیعریی ناو ئەدەبی نەتەوەیەك وەك دۆکۆمێنتی مێژوویی بۆ خوێندنەوەو سەلماندنو چەسپاندنی بابەتو ڕووداوێك بەکاربەرین، یان نا.

## بەشی یەکەم: ئەدەب، دۆکۆمێنتی مێژوویی، لێکدانەوەو پەیوەندیی

**١/١) ئەدەب، مەبەست و لێکدانەوە**

ئەدەب، شێوازێکە لە شێوازە هونەرییەکانی گوزارشتکردنی مرۆڤ لە هەست و نەست و ویستو خواست و خورپەو ترپەو سۆزو ئاوەزو ئارەزوو حەزو خولیاو بیرو ڕاو بڕواو باوەڕو خودبینییو خەڵکبینییو دنیابینییو گەردونبینیی و ژینگەو ژیان و مردنو بوون و نەبوونو ئەندێشەو خەونەکانی خۆی، بە شێوەیەکی پەیڕەوبەندانەی تۆمارکراوانە بە کەرەستە زمانییو جوانکارییو هونەرییە باوو ناباوەکانی ئەو زمانەی پێیدەنووسرێت لەبەرمەبنای (ئەو کەسەی دەینووسێتو کاریگەرییەکی زۆریش لەسەر ئەو کەسانە بەجێدەهێڵێت کە دەیخوێننەوە)[١]. ئەو بەرهەمانەن کە مرۆڤەکان هەوڵدەدەن بەجوانترین شێوە بیانووسنەوەو تۆماریانبکەن، تا دواتر وەك سامانێکی مرۆیی مەزن دەربکەونو بمێننەوە، دەرفەتی دەربڕین بە مرۆڤ دەبەخشێت بۆ گوزارشتکردن لە چەندەها بابەتگەلی وەها، کە جگە لە ئەدەب بە شێوازێکی تر توانستێك بۆ دەربڕینیان نییە[٢]، نوسەرو ڕەخنەگری ئینگلیزیی ولیەم هازلت (١٧٧٨-١٨٣٠) جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکاتەوەو دەنووسێت: (ئەدەبی هەر میللەتێك وێنەیەکی ڕاستگۆیانەیە لە بیرو ئاوەزو دنیابینییەکانی ئەو میللەتە)[٣].

لە ڕووی زمانەوانییەوە، لە ڕەهەندە ئیتمۆلۆژییەکەی زاراوەی (ئەدەب)ەوە، مەبەست لە ئەدەب ((بانگکردنی خەڵکە بۆ خوانێکی شیاو، یان بانگکردنی خەڵکە بۆ چاکەکارییو شکۆمەندییو جوامێریی))[٤]، یان ((وەرزشکردنو خواستگەرێتیی دەروونە بۆ گەیشتن بە شتە باڵاکان))[٥]، لای خۆرئاواییەکانیش بە واتای ئەو بەرهەمە نووسراوە ناوازانە دێت، کە شایستەی پاراستن و کۆکردنەوەو هەڵگرتنن، چونکە لە ئێستادا، توانای سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەو

---

[١] بڕوانە:(2 : William Hazlitt (1818 .

[٢] بڕوانە: http://ar.wikipedia.org/wiki.

[٣] بڕوانە: William Hazlitt (1845) , http://ar.wikipedia.org/wiki

[4] http://forum-ar.yialarabic.net/t657.html

[5] http://ar.wikipedia.org/wiki

بەکارهێنانەوەی واتاییانەی فەرهەنگیانە بە کایەی ڕۆشنبیریی دەبەخشن[٦]، یان مەبەست پێی زانین و ئاشنایەتییە بە خوێندنەوەو نووسین، یاخود کۆمەڵە بابەتێکی نووسراو[٧].

لە ڕووی واتای زاراوەیشەوە، ئەدەب بە یەکێك لە هونەرە مرۆییە بالاکان دادەنرێت، ئامانجەکانی خۆی بەهۆی دەربڕین و گوزارشتکردنەوە بەرجەستەدەکات، وەك دەوترێت: (ئەدەب گوزارشتکردنە لە ژیان و لە دەروونی مرۆڤەکان- بەواتا فراوانەکەیان -، لەڕێی زمانەوە)[٨]، یان ئەدەب هونەرێکە لە هونەرەکانی داهێنان، پشت بە زمانی ئەدەبیی دەبەستێت بۆ داڕشتنەوەی یەکێك لە ئەزموونە مرۆیی یان مێژووییەکان لە چێوەیەکی هونەریی دیاریکراودا[٩]. گوزارشتێکی بالای بەسۆزە، کار لە دەروونەکان دەکات، هەڵقوڵاوی سۆزێکی ڕاستگۆو بیرگەلێکی شیاوو دەربڕینێکی جوان و ئەندێشەیەکی وێنەگیراوە[١٠].

پوختەو کاکڵەی سەلیقەو تێڕوانین و سەرنجو بینینە ناسك و وردو هونەرمەندانەکانی کۆمەڵێکی مرۆییە کە توانای پاراستنی زمانو فەرهەنگو نووسینو ڕێنووسو ڕێزمانو وێنە باوو ناباوەکانی سەردەمەکەی خۆی و تۆمارکردنی کەلوپەل و کەرەستەو کالاو بابەتو ڕووداوەکانی بەشێوەیەکی جوانکارییانە هەیە، خەسڵەتی نەمریی و مانەوە بەکەس و بابەتو کاتو شوێنەکان دەبەخشێتو ئاستی گەشەی ئەدەبییو هونەریی ئەو کۆمەڵە دەردەخات، لە زەمەنە جیاجیاکاندا، کەرەستەیەکی ئامادەکراوە بۆ خوێندنەوەگەلێکی بەردەوام. (ئەدەب ڕەگپێدەرەوەو ئاوێنەی کۆمەڵگایە، وامانلێدەکات کە بیر لە خۆمانو لە کۆمەڵگاکەیشمان بکەینەوە، ڕێمانپێدەدات کە چێژ لە زمانو جوانییەکان وەربگرین، کاریگەریی کۆمەڵایەتییو سیاسیی زۆریش دروستدەکات)[١١].

٢/١) دۆکۆمێنت، مەبەست و لێکدانەوە

بەڵگەنامە، دۆکۆمێنت (Document)، لە ڕووی زمانەوانیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ (( وشەی باوەڕپێکراو بە واتای متمانەداریی، بە باوەڕەوە وەرگرتنی شتێك))[١٢]، یان ((هەر شتێکە کە لەڕێی چەند هێمایەکەوە گوزارشت لە بیرکردنەوەو ڕووداوو یادەوەریی کەسێك بکات))[١٣]، بە کۆمەڵە

---

[٦] بڕوانە: http://forum-ar.yialarabic.net/forum.php.

[٧] بڕوانە: http://ar.wikipedia.org/wiki

[8] http://www.baitalarab.net/bait/showthread.php?t=3060&page=1.

[٩] د. سمير سعيد حجازي (٢٠٠١: ٧٨). قاموس مصطلحات النقد الأدبي المعاصر (عربي- إنجليزي، فرنسي)، دار الآفاق العربية، القاهرة.

[١٠] بڕوانە: http://almisk.net/ar/article.php?id=2339.

[11] http://dlibrary.acu.edu.au/staffhome/siryan/academy/foundation/what_is_literature.htm،

[١٢] د. عبدالستار شنين الجنابي (٢٠١١: ٣).

[١٣] بڕوانە: Briet, S. (1951). Qu'est-ce que la documentation? Paris: Documentaires Industrielles et Techniques.

کاغەزێکی نووسراو (Condex)، یان تۆمارو موجەلەدێك (Registers) یش دەوترێت[١٤]، لە ڕووی واتای زاراوەیشەوە، مەبەست پێی هەر شوێنپێیەکی مادیی وتراوی تۆمارکراو یان نووسراو یان هێماکراو یان هەڵکەندراو یان کێشراوی مرۆییە، کە توانای لە خۆدوانی هەیە[١٥]، بەشێوەیەك کە باوەڕ بە دروستیی و ڕاستیی ناوەڕۆکەکەی لای ئەو کەسانە دروستبکات کە لە هەر کاتێکدا دەیانبیننەوە، یان دەیانخوێننەوە، وەك بەڵگەیەکی تۆمارکراوی ناو نامەیەك دەیناسێنن، دەشێت ئەو نامەیە لەلایەك کەسێك یان دەستەیەك یان دامەزراوەیەکەوە تۆمارکرابێت، (وەك کلیلێك بۆ کردنەوەی ڕابردوو بەکاردەهێنرێت)[١٦]، بە دەستنووس یان کەرەستە یان کاغەزو کاڵایەك دەوترێت کە گوزراشت لە موڵکدارێتیی و پابەندبوون بە شتێکەوە بکات[١٧]، وەك کەرەستەو بەڵگەیەکی مادییانە بۆ سەلماندنی شتێك لەلایەن ئەوانەوە بەکاردەبرێت کە لێکۆڵینەوە لە ڕاستەقینەیی ڕووداوو شتەکان دەکەن، (ناتوانرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ بەڵگەنامەی پێویستی باوەڕپێکراو، هیچ خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو بکرێت، هەر وەك چۆن بێ بەڵگەنامە ناتوانرێت وێنای مرۆڤایەتیش بکرێت)[١٨]، بەشێوەیەکی گشتیی خۆی لەم جۆرانەدا دەبینێتەوە: (دەق، ئامار، ڕەسمی بەیانی (Graphs)، وێنەی فۆتۆگرافیی و جوڵاو، وێنەی هێڵکاریی، ، ...تاد)[١٩]. یان دەوترێت، بەڵگە، (نیشانە بۆ شتێکی گوم بوو)[٢٠]، بەواتای سەنەد و دەلیلێك دێت کە دەبێتە مایەی یەکلاکردنەوەو سەلماندنی شتێك، بابەتێك، ڕووداوێك، بەسەرچاوەیەکی ڕەسەن دەزانرێت لە هەر سەلماندنێکی مێژوویداو کەرەستەیەکی خاوە بۆ بەرهەمهێنانی تێڕوانین و چەسپاندنی نوێ[٢١]. بەڵگەنامەکان سەرچاوە گەلێکی مێژووین و نوێنەرایەتیی یادگەی کۆمەڵگاکان دەکەن[٢٢]، بۆیە بەڵگەنامە هەر دەقێك دەگرێتەوە کە لە ناوەڕۆکەکەیدا زانیاریی پەیوەست بە مرۆڤی تێدابێت، ئیتر لە هەر سەردەم و کاتێك دابێت و هەر چالاکییەکی تۆمارکردبێت[٢٣].

---

[١٤] بڕوانە: د. ابراهیم احمد المهدوی (٢٠٠٤:
(http://www.sahab.net/forums/index.php?showtopic=51061).

[١٥] بڕوانە: د. محمد منیر حجاب (٢٠٠٣: ٢٦١٣).

[١٦] بڕوانە: د. عبدالستار شنین الجنابي (٢٠١١: ٤).

[١٧] بڕوانە: Buckland, M. (1991). Information and information systems. New York: Greenwood Press.

[١٨] بدر سيد عبدالوهاب الرفاعي (٢٠٠٨: ٣). مجلة عالم الفكر، عدد خاص بالوثيقة، المجلد ٣٦، العدد ٣، مارس ٢٠٠٨، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب في دولة الكويت.

[١٩] بڕوانە: www.ar-ar.facebook.com/notes/adham-youssif.

[٢٠] هەژار (١٩٩٧: ٨٤). هەنبانە بۆرینە، تهران.

[٢١] بڕوانە: http://knowledge-ks.blogspot.com/2012/01/blog-post_06.html

[٢٢] بڕوانە: Archivio Della Civilita: Libero dei giorni Italiani, Anno XVIII – 1969, Milano. Alfieri & la Croix, 1969, Pp. 153. 156.

[٢٣] بڕوانە: http://www.wata.cc/forums/showthread.

**٣/١) ئەدەب، وەك كەرەستەی گێڕانەوەو خوێندنەوەی مێژوو**

جان كوكتو ((Jean Cocteau (1889-1963)* دەنووسێت ((تەنها هونەرەكان دەتوانن ڕاستییەكان بڵێن و وەكو خۆیان بیانگوێزنەوە، ئەگەرنا مێژوو بێ ئەم هونەرانە تەنها تەمومژ دەخاتە سەر ڕاستییەكان))[٢٤]، ژان پۆڵ سارتریش دەنووسێت: ((نیگاركێشان‌و داتاشین‌و موزیك ناتوانن وەك ئەدەب پابەندبن، نیگارو شێوەو ئاوازەكان ناكرێ وەك ئەدەب بەڵگەمەند بكرێن))[٢٥]، ئەدەب توانای دۆزینەوەو گوزارشتكردن و بینین و لێكدانەوەی شت و ڕووداوە شاراوەو ئاشكراكانیشی هەیە، دەتوانێت درك بە كارلێك و پاڵنەرو هۆكارە ناوەكییەكانیش بكات و پەی بە نهێنیی و گومان و خواست و ویست و غەریزەكانیش بەرێت، بۆیە دواجار پەیوەندییەكی دیالێكتیكیی لە نێوان ئەدەب و هونەر لەگەڵ مێژوودا دەخەملێت، تا ئەوەی ئەدەب و هونەر (دەبنە كەرەستەیەك لە كەرەستەكانی تەدوینی مێژوویی‌و مێژوویش لە سێ ڕەهەندەوە بەشداریی لە پەرەپێدانی هونەریدا دەكات كە بریتین لە (مرۆڤ، كات، شوێن)[٢٦]. دواجار هەر بەرهەمێكی ئەدەبیی لەگەڵ ئەوەی وابەستەی زەمەنێكی دیاریكراو دەبێت، بەڵام تواناو تینی ناوەڕۆكەكەی دەیگۆڕێت بۆ زەمەنێكی كراوە، هەر ئەمەیشە كە وا لەهەندێك بەرهەمی ئەدەبیی دەكات كەوەك دۆكۆمێنت و گوزارشتكەرێك لە زەمان و زەمینەیەكی ڕابردوو لە ئێستادا ئامادەیی هەبێت و ڕابردووی پێبخوێندرێتەوە، چونكە ئەگەر ئەو بابەتانەیشی نووسراون خەیاڵێكی بەرفراوانی نەستی تاكەكەسێكیشیان لەپشتەوە بێت، هەر گوزارشت لە دنیابینیی و چێژو خولیاكانی مرۆڤەكان لە سەردەمێكی دیاریكراودا دەكەن، لەلایەكی تریشەوە ئەو وشەو زاراوەو ڕستانەی دەقەكانیانی پێدەچنن، وەك بەشێك لە پێكهاتەی فەرهەنگی نەتەوەیی یان نیشتمانی ئەژماردەكرێن و دەتوانرێت لێكۆڵینەوەو سەلماندنی گەشەو ئاستی زمانی نەتەوەیی و نیشتمانیان لە ئێستادا پێدیارییبكرێت. هەر بۆیە لە نێوان ئەدەب و مێژوودا نەك سنورێكی داخراو نییە، بەڵكو هێڵێكی وەهمیی تێكەڵاو هەیەو بابەتی سەرەكیی هاوبەشی نێوانیشیان (مرۆڤ)ە[٢٧]. یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی مرۆڤ (مێژوو)ە، كە دەتوانێت بەهۆیەوە ڕابردوو بخوێنێتەوەو ئێستای پێبنیاتبنێت و ئەگەرەكانی بۆ ئاینده پێدیارییبكات، بۆیە بە زانستی تۆماركردنی ڕووداوەكانیش دەناسرێت، ئەدەبیش هەمان ئامانج بە ئامانج دەگرێت، مێژوو بەدوو ئاست كەرەستەمان دەخاتە بەردەست، یەكەمیان ئەو زانیاریی‌و ڕاستییانەمان لە واقیعەوە پێشكەشدەكات كە بەبەڵگەی

---

* ئەدیب و شاعیرو شانۆنووس و ڕۆماننوس‌و دیزاینەرو وێنەكێشێكی ناسراوی فەرەنسییە.

[٢٤] د. محمد عبدالحليم غنيم (٢٠٠٦: ٤٣). التأريخ والقص (دراسة في ادب سعد مكاوي، موقع الكتب العربية).

[٢٥] ژان پۆڵ سارتر (٢٠٠٩: ٤٧). ئەدەب چییە؟ وەگێڕانی: مستەفا غەفوور، دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی، زنجیرەی كتێب (٣٨٣)، چاپخانەی خانی، دهۆك.

[٢٦] أحمد ابراهيم الهواري– قاسم عبده قاسم (١٩٧٩: ٧). الرواية التأريخية في الأدب العربي الحديث، دار المعارف، القاهرة.

بڕوانە: محمد عبدالحليم غنيم (٢٠٠٦: ٥٩).

[٢٧] بڕوانە: قاسم عبده قاسم (١٩٨٦: ١١). بين الأدب والتأريخ، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة.

چەسپاوو سەلماندن و ئەرگومێنتو ئاسەواری زیندوو سەلمێندراون، دووەمیشیان خەملاندنەو پشت بە زانستی بیرکردنەوەو بەبیرداهاتنەوە دەبەستێت، بەلام لە ئەدەبدا نووسەر بە ئەزمونی خۆی بەرگێکی ئیستاتیکیی دەکاتە بەری ئەو واقیعەی تیایدا ژیاوەو تێڕوانینەکانی خۆیشی دەخاتە سەر، یان نووسەر لە ڕێی بەرهەمەکەیەوە دنیایەکی ئەندێشاویی تایبەتمان پێشکەشدەکاتو دەمانباتە واقیعێکەوە کە خۆی وێنایکردووە، لەمەشدا بەشێك لە دنیایەکی نوێ پێشکەشدەکات کە دەکرێت وەك دنیابینییو پێشبینیی بۆ ئایندە، یان خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئێستاو ڕابردوو سەیربکرێت، بۆیە دواجار مێژوو بەدوای دۆزینەوەی هۆکارو ئەنجامەکاندا دەگەڕێت، بەلام ئەدەب بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە چی لە نێوان هۆکارو ئەنجامەکاندا ڕوویداوە[28]، بۆیە نزیکایەتییەکی تەواو لە نێوان تۆماری مێژوویی و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هەیەو ئەدەب دەتوانێت سامانێکی گەورەی مرۆیی بۆ خوێندنەوەی مێژوو ئامادەبکات[29]. ئەگەر مێژوو وێنەی ژیانی گوزەراوی مرۆڤ بێت لەسەر زەوی، ئەوا ئەدەب وێنەی دەروونی مرۆییە لە ململانێی لەگەڵ ژیاندا، بۆیە دواجار ئەدەب وەك هۆکارو بەرهەمهێنەری مێژوو دەردەکەوێت[30]. هەر ئەمەیش وادەکات کە ئەدەب بە تایبەتیش شیعر بەشێکی زۆری ڕووداوەکان تۆماربکات و ڕووکارەکان بخاتەڕوو، بەشێوەیەك کە تەنانەت خودی مێژوونووسەکانیش نەیانتوانیبێت بەو شێوە وردە ڕووداوو پێکهاتەو وردەکارییەکانی بنوسنەوە[31]، بۆیە کاتێك بمانەوێت لە ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی هەر کایەو بوارو بابەت و زاراوەیەك بکۆڵینەوە پێویستمان بەوە دەبێت کە بە کەرەستەکانی مێژوودا شۆڕببینەوەو بەدڵنیایشەوە تێکستە ئەدەبییەکان دەبنە کەرەستەیەك لە کەرەستە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکانمان[32]، (هەر کاتێك بمانەوێت بۆ بنەچەی چەمکەکان و وێنەو لێکدانەوە لۆژیکیی و هونەریی و ئەدەبییەکان و جۆری پەیوەندییان بەمرۆڤەوە لێکبدەینەوە، پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ تێکستە ئەدەبییەکان هەیە)[33]، گەڕانەوەی بەردەوامی فەیلەسوف و بیرمەندو خاوەنڕاکان بۆ داستانەکانی (گەلگامێش و تۆفان و خالقی) سۆمەرییەکان و ئەلیدەو ئۆدیسای یۆنانییەکان نمونەیەکی زیندووی ئەم ڕاستییەن، هەر وەك چۆن بۆ سەلماندنی فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەیی و مرۆیی پێویستمان بە تۆمارکردنی فۆلکلۆرو ئەفسانەو داستان و

---

[28] بڕوانە: سارة أحمد (٢٠١٠: www.aladabalarabi.com).

[29] بڕوانە: د. حميد مجيد هدو (٢٠١٢: ٧-٨). أدب التأريخ، وثيقة أدبية تؤرخ أحداثا تأريخية (زهر الآداب أنموذجا)، الهلال للطباعة والنشر و التوزيع، بيروت.

[30] بڕوانە: د. حميد مجيد هدو (٢٠١٢: ١٤).

[31] بڕوانە: د. حميد مجيد هدو (٢٠١٢: ١٥).

[32] بڕوانە: د. نعيم اليافي (٢٠٠٨). تطور الصورة الفنية في الشعر العربي الحديث، صفحات للدراسات والنشر، دمشق.

[33] Bronwen Price and Páraic Finnerty (2011: 1). Literature & History Special Edition Amity in Early Modern Literature and Culture: Introduction, Literature and History Journal, Volume 20, Number 1, Manchester University Press.

چیرۆکی سەرزارەکیی میللەتەکان هەیەو کۆنترینیان دەبێتە هێمای ڕەسەنایەتییو داهێنان و کارتێکەر لەسەر ئەوانی تر[٣٤].

ئەدەب و مێژوو، وەك دوو فیلْدی مەعریفیی هاوڕەهەندییەکی تێکئالاَوو تێکڕژاویش پێکدەهێنن، ئەو ڕەهەندە بەرهەمهێنراوانەیشیان بریتیی دەبن لە[٣٥]:

- ڕەهەندیی بنچینەگەریی: وەك ئەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی لەسەر بابەت یان ڕووداوێکی مێژوو دادەمەزرێنرێت و بینادەکرێت.
- ڕەهەندیی سروشگەریی: هەر دەقێکی ئەدەبیی پشت بە چەند ڕایەڵەیەك دەبەستێتو ئەم ڕایەڵانە سروشی داهێنان و دەقبوون بە بیرەکان دەبەخشن، مێژوو بەیەکێك لە سەرەکیترینی ئەو ڕایەڵە کارایانە دەزانرێت.
- ڕەهەندی پایانگەریی: لێکۆڵینەوە لە مێژوو بەشتە جێگیرو گۆڕاوەکانیشیەوە توانای ئەوە دەدات بە مرۆڤ کە کۆنترۆڵی ئایندە بکات، توانای ئایندەگەریی و خەیاڵ و دنیابینیی ئەدەبی و وێناکردنی داهاتوویش، بۆیە هەردووکیان یەك خاڵی کۆتاییان هەیە، چیرۆکە ئەندێشەگەرییە زانستییەکان وەك بەرهەمی ئەدەبیی و بەرجەستەکردنی خواستی کۆنترۆڵکردنی ئاییندە، باشترین نمونەی گەیشتن بە هەمان کۆتایین.

## بەشی دووەم: ئەدەبی کوردیی وەك دۆکۆمێنتی مێژوویی

### ١/٢) ئەدەبی کوردیی و مێژووی نەتەوەیی و نیشتمانی

مێژووی تۆمارکراوی کورد وەك نەتەوە، تەریبو تەبایە بە مێژووی ئەدەبی کوردیی، یان ڕاستتر بڵێین تۆمارەکانی ناو ئەدەبی کوردیی، کەرەستەی سەرەکیی تۆمارکردنی مێژووی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بوون. بەم میتۆدە ئەگەر بەناو داستانەکانی سۆمەردا شۆڕببینەوەو بەراوردیان بکەین بەکەرەستەی فەرهەنگیی بەکارهێنراوی ئێستا لای کورد، ئەوا دەتوانین ئەو

---

[٣٤] بڕوانە: د. محمد جعفر محجوب (٢٠٠٢). ادبیات عامیانەی ایران، چاپ سوم، جلد اول و دوم، نشر چشمە، تهران.

-Steve Ellis (2013: 36-52).

- هادي العلوي (١٩٨٨)، من قاموس التراث، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.
- أحمد تيمور باث (١٩٧١). الحب والجمال عند العرب، لجنة نشر المؤلفات التيمورية، القاهرة.
- د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید (٢٠١٠). ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەبدا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، زنجیرەی کتێب (٥٣٠)، چاپخانەی خانی، دهۆك.
- د. هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠١٢: ١٤١-١٨٠). غەزەل، لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/ B، ژمارە (٣٤) ئازاری ٢٠١٢، زانکۆی سلێمانی.

[٣٥] بڕوانە: سامە بالحاج علی (٢٠١٠: http://www.aklaam.net/newaqlam/index2).

ڕاستییە بخەینەڕوو کە بەنیاتی زمانیی و فەرهەنگیی ئەو داستانانە بۆ ئامادەیی نەتەوەیەکی زیندوو دەگەڕێنەوە کە (کورد)ە[٣٦].

ئاشکرایشە کە تیۆریی ئەدەبیی و ڕەخنەی ئەدەبیی بەبێ مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووی ئەدەبدا بە ئاسانیی و تەواوکارییانە ناچێتە پێشەوە، بۆیە دواجار لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبیی و پەیوەندیی ئەدەب بە مێژووەوەو شوێنی ئەدەب لە تۆمارکردنی مێژوودا، یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی ڕەوت و سەرهەڵدان و گەشەی ئەدەبی کوردیی و هێنانەکایەی بەڵگەی شیاو بۆ سەلماندنی ڕووداوە مێژوویی و لێکەوتە مێژووییەکان. هەموو ئەمانەیش بەبێ بەرهەمە ئەدەبییەکان خۆیان مانایەکی ئەوتۆیان نابێت، بۆیە بۆ هەر توێژینەوەیەکی لەم چەشنە پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ خودی تێکستە ئەدەبییەکان هەیە، هەر ئەوانیشن دەبنە بەڵگەی سەلماندنی هەموو ئەو بنەما تۆرییانەی کە دەخرێنەڕوو.

بەپێی ئەو پێوەرانەی لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا دیاریمانکردوون، کار لەناو چەند تێکستێکی شیعرییدا دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەیش چەند نمونەیەك لەسەردەم و قۆناغە جیاجیاکاندا وەردەگرین، کە لەبەر هەر هۆکارێك بێت کەرەستەو بەڵگەیەکی مادیی تۆمارکراوی ترمان لەسەر بابەت و ڕووداوەکانی ناویان نییە، جگە لەوەی ئەوەی لەم تێکستانەدا دەردەکەوێت تێڕوانینی خودی کوردە بۆ خۆی و بۆ ئەو ڕووداوانەی بەسەریدا هاتوون و بە دەستی خۆی تۆماریکردوون، نەك ئەو بەڵگانەی لە دیدی داگیرکەر، یان غەیرە کوردەکانەوە وێنای کوردیان کردووە، واتە وێنەی ڕوانینە خودی کوردە لەلایەن کەسی کورد خۆیەوە.

٢/٢) تێکستی شیعریی، دۆکۆمێنتێك بۆ تۆمارە مێژووییەکان

- (نالی ( ١٧٩٧- ١٨٧٨)) لە تاراوگەوە نامەیەك بۆ نیشتمان دەنووسێت*، کۆمەڵێك پایەی دیاری شاری سلێمانیی و تایبەتمەندییە سایکۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژیی و ئابووریی و سیاسییەکانمان بۆ تۆماردەکات، لەگەڵیاندا چەندین ناوو ناوچەو ناوەڕۆکی نیشتمانیی وێنادەکات و تێڕوانینی کورد بەرامبەر بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان دەخاتەڕوو، خەخۆریی زاتێکی کورد بۆ نیشتمانەکەی بە زمانە نەتەوەییەکەی سەردەمەکەی خۆی دەنووسێتەوە، پاراوی زمانی کوردیی و توانستی لە دەربڕینی بیرو ئەندێشەکاندا بەیاندەکات، دەردەکەوێت کە نالی لە خەمی خەڵکدایە نەك دەسەڵاتداران، لە خەمی شارو شارنشینەکاندایە، نەك شاو شانشینەکان، لەبەشێکیدا هاتووە:

((............................................................

سووتا ڕەواقی خانەیی سەبرم، دڵۆ دەروون

---

[٣٦] بڕوانە: سەباح یاسین (٢٠١٣: دەستنووس). فەرهەنگۆکێکی سۆمەر، ئینگلیزیی، کوردی، بڵاونەکراوە.

* زۆر سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئەم نامەیە، نالی بۆ سالمی ڕەوانەکردووە، بەڵام ئەوەیش دەسەلمێنن کە ئەمە نامەیەکی تایبەتیی نییە بەڵکو نامەیەکی سیاسییەو بۆ وڵاتە ژێردەستەکەی ناردووە. بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم (دیوانی نالی: ٢٠٠٨: ٢٠٧).

نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا سەبوور
هەم هەم عەنانی ئاهەو، هەم هەم ڕیکابی ئەشك
ڕەحمیٚ بەم ئاەو ئەشکە بکە، هەستە بیٚ قوسور
وەك ئاهەکەم ڕەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار
وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (شیوەسوور)
بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کودووراتی سەرزەمین
شاد بن بە وەسڵی یەکدی کە تۆی تاهیر، ئەو تەهوور
ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی (سەرچنار)
ئاوێکە پڕ لە نارو چنارو گوڵو چنوور
چەشمێکە میسلی خۆر کە لە سەد جیٚ، بە ڕۆشنی
فەورانی، نووری سافە لەسەر بەردی وەك بلوور
..............................................
دەم وت دوو چاوی خۆمە ئەگەر (بەکرەجۆ)یی ئەشك
نەبوایە تیژو بیٚ سەمەرو گەرمو سوێرو سوور
داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی (خاكو خۆڵ)
هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی)یا عوبوور
..............................................
شارێکە عەدلو گەرمە، لەجێگێکە خۆشو نەرم
بۆ دەفعی چاوەزارە دەڵێن شاری شارەزوور
ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن
هەم نازیمی عوقوودنو هەم نازیری ئوموور
..............................................
داخۆ دەروونی شەق نەبووە (پردی سەرشەقام)؟!
پیرو فوتادەتەن نەبووە (داری پیرمەسوور)؟!
ئێستەش بە بەرگو بارە عەلەم داری (شێخ هەباس)،
یا بیٚ نەواو بەرگە، گەڕاوە بە شەخسی عوور؟!
ئایا بە جەمعو دائیرەیە دەوری (کانی با)،
یاخۆ بووە بە تەفریقەیی شۆڕشو نوشوور؟!
(سەیوان) نەزیری گونبەدی کەیوانە سەبزو ساف،
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور؟!
ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)،
یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگو لوورەلوور؟!

ئێستەش سوروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)،
یاخۆ بووە بە سۆفیی وشکی لە حەق بەدوور؟!
داخۆ دەروونی سافە، گوڕەی ماوە (تانجەرۆ)،
یاخۆ ئەسیری خاکە بە لێڵی دەکا عوبوور؟
سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو (خانەقا) بکە
ئایا رەبیعی ئاهووە، یا چایری ستوور؟!
سەبزە لە دەوری گوڵ تەڕە وەك خەتتی روویی یار
یا پووشی وشكو زوورە وەکو ریشی (کاکەسوور)؟
..................................................
حەوزی پڕی کە نائیبی دیدەی منە لەوێ،
لێڵاوی دانەهاتووە وەك سەیلی (شیوە سوور)؟
..................................................
واسیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم
چی ماوە، چی نەماوە، لە هەیوانو تاقو ژوور؟
ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە، یا نە خۆ
هەر غاری یارە، یا بووەتە غاری مارو موور؟))[٣٧]

- (شێخ ڕەزای تاڵەبانیی (١٨٣٥- ١٩٠٩)) لە دەقی (سلێمانی کە دارولموڵکی بابان بوو)، هەڵوێستیی سیاسیی ئەمارەتی بابانو هەبوونی سوپاو مەراسیمی سەربازییو جۆری جلو بەرگ و ڕێوڕەسمو ئەتەکیەتی ڕەسمیی ئەمارەتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوەو مێژوویەکی ڕاستەقینەیش بۆ سەردەمو ڕۆژی ڕووداوەکە دیاریدەکات:

((لە بیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لە بەر قابی سەرا سەفیان ئەبەست شێخ و مەلا و زاهد
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابوری عەسکەر، ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقەو، نەققارە، تا ئەیوانی کەیوان بوو
دریغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریدبازیی، لە دەوری کانی ئاسکان بوو
..................................................
کە (عەبدوڵا) پاشا لەشکری والیی سنەی شڕکرد

[٣٧] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم (دیوانی نالی: ٢٠٠٨: ١٨٤- ٢٠٦).

(ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دەبستان بوو))[38].

- (مەحوی (١٨٣٠- ١٩٠٤))، لە بارەی ستەمکاریی و نادادپەروەریی و بێیاسایی دەسەڵاتی ئەو کاتەی تورکە عوسمانییەکانەوە دەدوێت و وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەو ڕۆژگارە تۆماردەکات:

((لە عاریف عامییەك پرسی هەواڵی مەسلەخ و قەسساب
بە ئەنگوشتی شەهادەی کرد ئیشارەی مەحکەمەو نائیب))[39].

- (حەمدی (١٨٧٨- ١٩٣٦)، ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ سلێمانی ساڵی ڕوداوەکەیش تۆماردەکات، هەموو ئەو تێکستە ئەدەبییانەی لەسەر ئەم ڕووداوە نووسراون، وەك بەڵگەی سەرەکیی و تۆماری ڕیشەیی سەیردەکرێن، چونکە تەنانەت ڕۆژنامەی ئەو ماوەیەی (ژیان)یش تاکە دێڕێکی لەسەر نەنووسیوە:

((بۆ هەوا ئاڵۆزە بۆچی لێڵ و سوورە ئاسمان؟
گێژەڵوکەی نەگبەتە یا فیتنەیی ئاخر زەمان
.................................
ئەم هەموو لاوە نەمامن نێژران لەم باغچەیە
ڕیشەیی کوردایەتی بوو یەعنی بۆمان نێژران
جەژنی قوربانە سلێمانی بەمەزبەح دانرا
کورد مەڕن بۆیە بەجارێ هەرلەوێدا سەربڕان
.................................
بێ هەزار ناوی سلێمانی بە تەئریخ (مشهد)ە
ئەم حسابە عاقیبەت ڕۆژێ دەبێ بیکا زەمان))[40].

(گۆران (١٩٠٤- ١٩٦٢))، بەپێی میتۆدە شیعرییەکەی خۆی دەچێتەناو تۆمارکردنی ڕووداوە وردەکاریەکانی ناو ئەو ڕووداوە مێژووییە گەورەیەوە، هۆکارەکانی، بەشداربووانی ڕاپەڕینەکەو ئەنجام و هەڵوێستیان دەنووسێتەوە:

((هەزارو نۆسەدو سی بوو، شەشی ئەیلوول کە ڕۆژ هەڵهات:
غریوی ویستنی حەق کەوتە ناوشاری سلێمانی،
(هەڵۆ بەگ) ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەتەن ئاوات،

---
[38] عەلی تاڵەبانی (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی: ١٩٤٦: ٣٤- ٣٥).
[39] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم (دیوانی مەحوی: ٢٠٠٨: ٨٦).
[40] جەمال محەممەد محەممەد ئەمین (دیوانی حەمدی: ١٩٨٤: ١٣٦).
لەلاپەرە (١٣٧)ی ئەم دیوانەدا بەهەڵە ساڵی ١٩٣٠ بە ١٩٣٦ نووسراوە.

لە پێش جەمعێکەوە تا بەر سەرا ڕووی هەڵمەتی هانی.
لەگەڵ یارانی ئەیوت: "ئەی حکومەت! تا نەکەی تەسبیت
حقووقی کوردەواری، نایەوێ کورد ئینتخاباتت،
ئەوانەی بانگکراون و تۆ بەقووەت دەوریان ئەگریت:
دەنی و قازانج پەرستن، هیچ نەبێ پێیان موبالاتت!
ئەوانە کەی لە میللەت بوون هەتا تەمسیلی ڕەئیی کەن؟
حوکوومەت! ئێمە کوردین، وا ئەڵێین: "نامانەوێ نوواب
کە داوێنی غەرەز بگرن بەهەردوو دەست، وەتەن بەردەن!
نەکەی، مەشروع نییە.. دەرکە لەسەر سەودایی ئینتخاب!..
............................................................
کەچی عەسکەر بە مەترالیۆزەوە بۆ قەتلی عام دەرچوو،
درایە بەر شەقەی شەستیر ڕجاو ئامالی میللییەت!))[41]

(پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠))، ئەنجامی ڕووداوەکەو هەڵوێستی وەفدی کوردستان و بەرژەوەندخوازیی و خەمساردیی و بێباکیی ئەو کەسانە تۆماردەکات کە لەو وەفدەدا بەشدارییانکردووەو هەڵوێستە شەرمەزارکەرانەکانیان دەنووسێتەوە:
((وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان!
..............................
پەردەو تارای سوور بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن دوای کوشتار، هێشتا تۆی دڵگیر؟
دەك خەجاڵەت بن، لە ڕووی مەحشەرا
ئێمە خاکی خەم، ئەکەین بەسەرا))[42].
دواتریش (بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨))، تەخمیسی هەمان دەق دەکات و وردەکاریی زیارتی دەخاتەسەرو دەیکاتە تۆمارێکی گرنگی خوێندنەوەی هەڵوێست و لێکەوتەکانی ئەو ڕووداوە:
((حاجی توتنەکەی مادەم فرۆشرا
قیروسیا لەسەد کوشتن و هەرا
دەخیلە هەستە ڕێکەوە خێرا
"دەسکێ لە گوڵەکەی باخەکەی سەرا
کەوا بەخوێنی لاوان ئاودرا"))[43]

[41] محەمەدی مەلا کەریم (دیوانی گۆران: ١٩٨٠: ٢٦٥- ٢٦٦).
[42] ئومێد ئاشنا (دیوانی پیرەمێرد: ٢٠٠٩: ١٦٠).
[43] محەمەدی مەلا کەریم (دیوانی بێکەس: ٢٠٠٨: ٥٥).

- (حەمدی) لە دەقی (جەنگی دەربەندی بازیان)دا، وێنەیەکی ئەو شەڕە وێنادەکاتو دەیکاتە زانیاریگەلێکی بەهادار لەسەر شەڕەکەو کاتی ڕوودانەکەیشی دیاریدەکات، کە هەمان ئەو شەڕەیە کە تیایدا شێخ مەحموودی نەمر بەدیلگیراو نەفیکرا بۆ هیندستان:

((ساڵی تەئریخی ئەپرسی (ال کاك احمد غریب)

کەوتە عالەم دڵ حەزینو دیدەیی نمناکەوە))[٤٤].

لە دەقی (بۆ ئیدارەی کوردستانی خواروو)یشدا، دیسانەوە (حەمدی) وێنەیەکی ڕوونی ئیدارەی کوردستانی خواروو تۆماردەکات، کە لە ساڵی ١٩٢٣دا لە لایەن شێخ مەحموودەوە، دامەزرێنرا، بە ئاشکرا کەموکوڕییەکانی تێدا دەخاتەڕوو، ناوو نازناوی هەموو ئەو کەسانەو پۆستو پلەو پایەکانیان وەکو خۆی دەنووسێتەوە:

((باسی تەشکیلاتی سانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین

کەمترین بۆ گەورەتر، هەم گەورەتر بۆ کەمترین

نا عیلاجم ئیسمو شوهرەت باس ئەکەم عاجز مەبن

تا ببینن شکڵی وەزعییەت بەجارێ قارئین))[٤٥].

- (بێکەس) لە دەقی (بیستو حەوت ساڵە)دا، ماوەی داگیرکاریی ئینگلیزو هەڵوێستەکانی کوردو ئەوانیش دەخاتەڕوو، ئەم دەقە لە ساڵی ١٩٤٦دا نووسراوە، ئەگەر (٢٧) ساڵەکەی بێکەسی لێدەربکەین ئەوا دەکاتە ساڵی ١٩١٩ کە ساڵی هاتنی ئینگلیزە بۆ سلێمانی:

((بیستو حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم

بەنانو ئاوو جلو بەرگی خۆم

.......................................

گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم

بۆچی بەناهەق وا سوکت کردم!؟))[٤٦].

- (قانع (١٨٩٨-١٩٦٥) لە دەقی (پەیمانی سەعدئاباد)دا، ناوەڕۆکی پەیمانەکەو تێڕوانینی ئەو کاتەی کورد تۆماردەکات:

((دوژمنان لەم ڕۆژەدا فیکری چەپەڵیان خستەکار

کەوتەخۆ کۆنەپەرستی، بۆ قەڵاچۆی کوردەوار

ڕێبڕانە، کوردقڕانە، کێووکەژ خوێناوییە

---

[٤٤] جەمال محەممەد محەممەد ئەمین (دیوانی حەمدی: ١٩٨٤: ٨٣- ٨٤).

[٤٥] جەمال محەممەد محەممەد ئەمین (دیوانی حەمدی: ١٩٨٤: ١٢٧- ١٣٠).

[٤٦] محەمەدی مەلا کەریم (دیوانی بێکەس: ٢٠٠٨: ٧٨- ٨١).

فیتنە وەك ئاگر ئەبارێ، بۆ گلانی شۆڕەسوار))[47].

- (کامەران موکری (١٩٢٩-١٩٨٦))، لە دەقی (سروودی سەرکەوتن)دا، باس لە گۆڕینی سیستمی پاشایەتیی بۆ کۆماریی دەکات لە عیراقداو ژیان لە سایەی ئەو دوو دۆخەوە دەگێڕێتەوە، خۆی لەسەر دەقەکەی نووسیوە: (ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٥ کە ڕۆژێك پاش شۆڕشی پیرۆزی جمهوریی ئەکات، چووم بۆ بەغدا، وە لە بەیانی ٧/١٦ لە بەغدا ئەم هۆنراوەیەم داناوە لە ئێستگەی جمهوورییەتەوە پێشکەشم کرد)[48]:

((بەشمان، دارکاریی بوو، لێدان

مووچەمان تف، جنێوپێدان

..................................

ئەژیاین و دڵمان پڕ لە قین

بۆ ڕۆژێکی وا ئاگرین))[49].

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١. ئەو تێکستە ئەدەبییانەی پێوەرو تایبەتمەندیی و بنەماکانی تۆمارکردنی بابەتو ڕووداوەکان دەیانگرێتەوە، دەشێت وەك دۆکۆمێنتێکی مێژوویی بۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەو سەلماندنو بەڵگەهێنانەوە بەکارببرێن.

٢. بەرهەمە ئەدەبییەکان تۆمارێکی زیندووە بۆ هەموو بزاوتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا جیاجیاکانو بوونی فیزیکییانەی نەتەوەییان لە هەموو ئاستەکاندا دەسەلمێنرێت.

٣. پەیوەندییەکی دیالێکتیکیی قوڵ لە نێوان ئەدەبو مێژوودا هەیە، تا ئەو ڕادەیەی ئەدەب وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی مێژوو دەردەکەوێت.

٤. ئەو نەتەوەو میللەتانەی تۆمارو دامەزراوەو بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی پێویستیان نییە، ئەوا بە شێك لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان جێگای ئەو بوارانەی بۆ پڕکردوونەتەوەو نەتەوەی کوردیش دیارترینی ئەو نەتەوانەیە.

٥. لە ئەدەبی کوردیدا چەندین دەقی شیعریی دەدۆزینەوە کە وەك دۆکۆمێنتی مێژوویی دەردەکەونو جگە لەو تێکستانە هیچ سەرچاوەیەکی تر نادۆزرێنەوە کە ئەو بابەتو ڕووداوانەیان تێدا تۆمارکرابێت.

٦. بەرهەمە ئەدەبییە دۆکۆمێنتارییە کوردییەکان، تێڕوانینی خودی کورد بۆ ڕووداوەکانو زمانو فەرهەنگو کەلتوورو دنیابینیی کورد، دەخەنەڕوو.

---

[47] برهان قانع (دیوانی قانع: ١٩٧٩: ٩٨).

[48] بڕوانە: عبدالله عزیز خالد (دیوانی کامەران موکری: ١٩٨٨: ١٣٤).

[49] عبدالله عزیز خالد (دیوانی کامەران موکری: ١٩٨٨: ١٣٤-١٤٤).

## سەرچاوەکان


- سەرچاوە کوردییەکان:

- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید (٢٠١٠).: ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەبدا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، زنجیرەی کتێب (٥٣٠)، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- ئومێد ئاشنا (دیوانی پیرەمێرد: ٢٠٠٩): پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیانو بەرهەمەکانی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ژمارە (٩٢٧)، هەولێر.

- برهان قانع (دیوانی قانع: ١٩٧٩): ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوان، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

- جەمال محەممەد محەممەد ئەمین (دیوانی حەمدی: ١٩٨٤): لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی.

- ژان پۆڵ سارتر (٢٠٠٩): ئەدەب چییە؟ وەگێڕانی: مستەفا غەفوور، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، زنجیرەی کتێب (٣٨٣)، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- سەباح یاسین (٢٠١٣): فەرهەنگۆکێکی سۆمەر، ئینگلیزیی، کوردی، دەستنووسی بڵاونەکراوە.

- عبداللە عزیز خالد (دیوانی کامەران موکری: ١٩٨٨): لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان.

- عەلی تاڵەبانی (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی: ١٩٤٦): چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

- محەمەدی مەلا کەریم (دیوانی گۆران: ١٩٨٠): سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

- محەمەدی مەلا کەریم (دیوانی بێکەس: ٢٠٠٨): چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم (دیوانی نالی: ٢٠٠٨): ئینتشاراتی کوردستان، سنە.

- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم (دیوانی مەحوی: ٢٠٠٨): ئینتشاراتی کوردستان، سنە.

- هەژار (١٩٩٧): هەنبانە بۆرینە، تهران.

- د. هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠١٢): غەزەل، لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/ B، ژمارە (٣٤) ئازاری ٢٠١٢، زانکۆی سلێمانی.

- سەرچاوە عەرەبییەکان:

- أحمد ابراهيم الهواري- قاسم عبده قاسم (١٩٧٩): الرواية التأريخية في الأدب العربي الحديث، دار المعارف، القاهرة.

- أحمد تيمور باث (١٩٧١): الحب والجمال عند العرب، لجنة نشر المؤلفات التيمورية،

القاهرة.
- بدر سيد عبدالوهاب الرفاعي (٢٠٠٨): مجلة عالم الفكر، عدد خاص بالوثيقة، المجلد ٣٦، العدد ٣، مارس ٢٠٠٨، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب في دولة الكويت.
- حميد مجيد هدو (٢٠١٢: ٧-٨). أدب التأريخ، وثيقة أدبية تؤرخ أحداثا تأريخية (زهر الآداب أنموذجا)، الهلال للطباعة والنشر و التوزيع، بيروت.
- سمير سعيد حجازي (٢٠٠١): قاموس مصطلحات النقد الأدبي المعاصر (عربي- إنجليزي، فرنسي)، دار الآفاق العربية، القاهرة.
- عبدالستار شنين الجنابي (٢٠١١): الوثيقة والتوثيق في العراق، مركز تطوير التدريس والتدريب الجامعي الدورة الخامسة لسنة ٢٠١١، بغداد.
- قاسم عبده قاسم (١٩٨٦): بين الأدب والتأريخ، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة.
- محمد عبدالحليم غنيم (٢٠٠٦): التأريخ والقص (دراسة في ادب سعد مكاوي، موقع الكتب العربية).
- محمد منير حجاب (٢٠٠٣): الموسوعة الأعلامية، المجلد السابع، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.
- نعيم اليافي (٢٠٠٨). تطور الصورة الفنية في الشعر العربي الحديث، صفحات للدراسات والنشر، دمشق.
- هادي العلوي (١٩٨٨): من قاموس التراث، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.

- سەرچاوەی فارسی:
- د. محمد جعفر محجوب (٢٠٠٢). ادبيات عاميانەی ايران، چاپ سوم، جلد اول و دوم، نشر چشمه، تهران.

- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:
- William Hazlitt (1818): Lectures on the English Poets, THOMAS DOBSON AND SON, No. 41, First Anerican Edition.
- William Hazlitt (1845) : CHARACTERS OF SHAKSPEAR'S PLAYS, NEW-YORK.
- Buckland, M. (1991). Information and information systems. New York: Greenwood Press.
- Bronwen Price and Páraic Finnerty (2011): Literature & History Special Edition Amity in Early Modern Literature and Culture: Introduction, Literature and History Journal, Volume 20, Number 1, Manchester University Press.
- Steve Ellis (2013): Literature and the Munich Crisis, Literature and History Journal, Volume 22, Number 2, Manchester University Press.

- سەرچاوەی فەرەنسی:
- Briet, S. (1951). Qu'est-ce que la documentation? Paris: Documentaires Industrielles et Techniques.

- سەرچاوەی ئیتاڵی:
- Alfieri & la Croix (1969): Archivio Della Civilita: Libero dei giorni Italiani,

Anno XVIII – 1969, Milano.

– پێگە ئینتەرنێتییەکان:

- www.ar.wikipedia.org
- www.forum-ar.yialarabic.net
- www.baitalarab.net
- www.almisk.net
- www.dlibrary.acu.edu.au
- www.sahab.net
- www.ar-ar.facebook.com
- www.knowledge-ks.blogspot.com
- www.wata.cc
- www.aladabalarabi.com
- www.aklaam.net

## الأدب كوثيقة تأريخية

إن النتاجات الأدبية هي أقدم النصوص الوثائقية حول التأريخ الإنساني. ويبرز الشعر مِن بين الآداب كنوع وطراز أدبي رئيسي، حيث ينحى الفلاسفة والمفكرون والنقاد والصحفيون والعلماء والباحثون ذوو التوجه المادي أوالمثالي نحو هذه النتاجات الشعرية لتهذيب وجهات نظرهم، أو تكريسها كمواد أساسية لبحوثهم ووضعها في صميم البنى النظرية لأعمالهم.

تعتبر هذه النتاجات الشعرية مواد أساسية للبحث والدراسة على نطاق أنساني بشكل عام ، ولكن بالنسبة للأمم والشعوب التي لم تسنح لها العوامل الذاتية والموضوعية أن تكون لها الوثائق ومؤسسات التوثيق والكتابة والصحافة والطبع والنشر ، والتي أصبحت جزءاً من المجتمعات المعروفة بالمجتمعات الشفهية ، فبالرغم من أن أعمالها الأدبية بزغت كأعمال فردية وإبداعية فنية وأدبية ، فإنها شكّلَت مصدراً مهماً في نفس الوقت لتوثيق المواضيع والأحداث المختلفة في عصورها المعينة أيضاً.

إن الكورد هي إحدى الأمم التي كان موطنها أرضاً للمعارك الدائرة بين المحاربين الأجانب ، وسكانها كانوا الضحايا المباشرين لهذه الحروب ، أو أُجبِروا تعسفاً على أن يصبحوا من مقاتلي هذه المعارك ، أو أنهم أصبحوا مهجَّرين ومُشرَّدين داخل مَوطنِهم. وبناءاً على ذلك فإنه يمكن إعتبار دراسة وكتابة وتوثيق ومطبوعات هذه الأمة قد ضاعَت حسب النظرية القديمة والقِدَم ، وأنها قد إنتشرت بشكل متأخر حسب النظرية الجديدة اتي تُعنى بهيمنة وفعالية لغة الأمة.

وهكذا وحسب إعتقادنا فإن جزء كبير من الأحداث والمواضيع ووجهات النظر التي تخص الكورد كأُمَّة قد تم تدوينها وتوثيقها في طيات النصوص الشعرية الأدبية لأمتنا. هذه الدراسة تعنى بإيجاد الأحداث التي يمكن فقط إيجادها في النصوص الأدبية والتي تعتبر أدلة الإثبات الوحيدة لهذه الأحداث وعصورها. أهمية قيمة الأدب كنص وثائقي تبرز في إمكانية قراءة وإكتشاف الماضي من خلاله ، وكونه معيار لتقييم الوضع الراهن وتحديد أسس التنمية للمستقبل. تتم دراسة هذا الموضوع حسب النظرية الوصفية التحليلية ، حيث يتم تقديم نتاجات مكتوبة باللهجة الكرمانجية الوسطى (لهجة السليمانية الفرعية) لشعراء أكراد كنماذج تطبيقية للبحث ، لكي نحسِم القول حول فرضية ما إذا كان بالإمكان إعتبار نتاجات شعرية لأدبِ أمةٍ بحد ذاتها كوثائق تأريخية لقراءة وإثبات وترسيخ موضوع وحدث معين ، أم لا.

# Literature as Historical Document

*The most ancient documentary texts of human history are the literary products. Poetry emerges among all literary genres as a dominant type and model, where philosophers, intellectuals, critics, journalists, scientists and researchers with materialistic and idealistic orientations go back to those works, refine their perspectives, or use them for their researches and put them at the heart of their theoretical principles.*

*Generally, those poetic works would be considered as essential research materials. However, for nations and peoples who had not had a chance by subjective and objective factors to have documents, institutions, documentation, writing , journalism, publishing and printing , became part of the communities known as verbal communities. Those literary works not only emerge as individual products and artistic and literary creative works, but also they form an important source to document the various topics and events in specific eras.*

*The Kurds are one of the nations, whose native land became a battlefield among foreign fighters and its inhabitants were the direct victims of these wars, forced to become fighters in these battles, or they have become displaced and homeless within their own homeland. Based on this, it may be considered the study, writing, documentation and publications of this nation has been lost according to the old theory, and they may have spread late according to the new theory of dominance and effectiveness of language of the nation.*

*Thus, according to our argument, the large part of the events, topics and viewpoints concerning the Kurds as a nation have been recorded and documented in the folds of poetic literary texts of our nation. This study is concerned with finding events that can only be found in literary texts, which are the only confirming evidence for these events and their eras. The importance and the value of literature as a documentary text lay in the ability to read and discover the past, being a criterion for evaluating the current situation and determining the basis for the future development. This study is conducted by applying a descriptive analytical theory, offering literary products written in Central Kirmangy dialect (Sulaymaniyah sub-dialect) to Kurdish poets as applied models in the research, in order to resolve the hypothesis of whether it was possible to consider literary products of a nation as historical documents to read, demonstrate and consolidate specific subjects and events, or not.*